# كه بنار ماچەكانى ئەكردنە ملوانكە و

## فافا ئەپچڕاندن



Rawej_herani@yahoo.de

هاوڕێم

شتەكانى عاشق

گريان نيه بەدواى سێبەرى ماچ و

سەماى ئاگر

شتەكانى عاشق

لێخورینی ئۆتۆیە

کە بیر لە گۆڕینەوەی ماچ ئەکا

نەوەک گێڕ گۆڕین

برادەرە سەرخۆشەکە ( هەندۆ)

فڕین بەسەر سەمای عاشق

تەئەمولی خودا نیە

بۆ تەقینەوەی شەنگە

بەسەر شەهوەتی باڕوتەکانی خودا

بەڵکو فەنابوونە لەنێو ئەو دیوارانەی

زەمەن لەسەر خیابانەکانی

مەسجی (م س ن) و

خۆ شەکەتکردنی ( موهەند ) ە

لە بە سەفەر کردنی راموسانی نێو کۆشک

لە شانۆی دوکەڵدا

من کە ئادەمیانە ماچم دایە تۆ

هاوڕێم

ڕۆیشتن بوو

بەسەر پردی

بەشێک لە عەقل

بەشێک لە جەستە

بەشێک لە سۆز

کە من پۆڕتمەنی

شعرم

دایە دەست نەنووسین

کرنوشی حەرفەکان بو

دەرۆزەکردنی وشە

ئاخر هاککردنی هەستەکان

بەر لە تەکئاڵان بو

نەوەک خۆ مەلاسدان

لە سزای خودا

ئاخر کە من

مەساسەی کوڕی ئەوم مژی

وام دەزانی

F4

و

Strg

کردنەوەی پەنچەرەیەکی وەنەوشەیە بەر لە ئینتەر

لە داخستنی ئەو رێگایەی هەمیشە شتاوە

بۆ گەیشتن

بە کراوەترین ماچ

کە ویستم مردن لە نووستن جیابکەمەوە بۆ عاشق و

غروری عشق بدەمە دەست گۆچانی چاوەڕێیی

شێتی بەسەر تەمەنی دوکەڵ دابەش بکەم و

سێبەری خوا

له هزری ئەو عاشقانەی

دوای یەکەم دەستگرتن چ چاوەڕوانیان دەکات

بیشارمەوە

من لە ئاگردانی ئەو بێوەمێردانە فێربووم

دەست بەسەرداهێنانی پشیلە

زۆر جیاوازترە

لە بەتاڵکردنەوەی تورەیەکانی ناوقەد

وامئەزانی

هەڵگرتنی قورئان لە گیرفانی چەپی کابۆیەکەم

مەمکی ژنەکەم

لە ئازادی نەزەری خوا دەپارێزی

نەوەک

لە چیتەلی پرتەقاڵی هاوس ئارست

کە پێم دەڵێ

ببورە

سۆنەرەکانی رابردوو ناتگەینێتە گومان

کە تۆ زگت لە ژنی خودا پڕە

نەشتەرگەری روحت

ناتگەینێتە پراگ

ئاخر لەودیو هەناسەکانی شەنگە

من لە کۆخەی

مێژوویەکی تەنیایی و تیرۆرستانی

راستگۆیی بەدی ئەکەم

هەناسەکانی ئەو

وەکو

منی زگچووی دوای کۆلێرە نیە

هەناسەکانی ئەو

لە یەخەی رابردوو بوو

بۆیە ژنەکەی لە خەو بەئاگای دێنا

تۆ ناتوانیت پاڵەوانی چیرۆکی ئەو خودایانە بیت

کە ئەو نەزانێت

ئەوەی کڕنۆشی بۆ دەبات

گومانە

نەوەک ئەو مەعشوقەی تاڵان کات

هەناسەکانی من

وەک هەناسە تریفەیەکانی تۆ نیە

من ئێستا دەمەوێت

ئێستا مانا بدەمە ئافتەر

هەناسەکانی تۆ

گۆڕینەوەی ماچ

لەگەڵ موعاناتی خودا

هەناسەکانی تۆ

رەهابوونی میزکردنە لە بن دیوارەکانی بەهەشت

هەناسەکانی ئێرە

گەڕانە لە باخە گشتیەکاندا

بەدوای یەکێ

تاڵانت کا و

ترسیشی لەسەر ڕەش بوونەکەم نەبێ

چاوشارکێی پەڕەسێلکەکانمان بۆ بگێڕێتەوە و

باسی گەمەی پاساریەکانی ئەوێش نەکا

جارجارەش زۆر بە هێواشی

ئاوڕ دەدەمەوە

نەوەک کوڕەکەم جاسوسیم لەسەر بکا

هەناسەکانی من

بە سودفە لێم تێدەگا و

پرسیار لە وون بوونم ناکا

ئاخر هاوڕێم

هەناسەکانت لەوێ کۆرسی تێکەڵ بوونی دەوێت لەگەڵ هەناسەکانی ئێمە

هەناسەکانی من

جگە لە بۆنی دوکەڵ هیچیتری لێنایەت

هەناسەکانی ئەو

بۆتە بۆنی ئەو ژنانەی ئەیانەوێت لەباوەشی مێردەکانیان بۆنی سێکسیان لێنێت

هاوڕێم

شەنگەبی نەوەک هەموو ڕۆژێ

هەموو ساتێ ئەتناسێتەوە

ئەگەر خۆی لە گێلی نەدا

ئەو لەناو رەنگە ئارامەکاندا خۆی ونکردووە

بۆیە لەنێو رەنگە تاریکەکانیدا خۆی ناناسێتەوە

ئەو کچی تاریکستانی رۆشەنە

لە باخچەی تەماشا

سەیری روناکی دەکا

سەفەر تەجروبەی عاشقە بۆ دەسگیرانەکەی

ئاخۆ پلێتی کام فڕۆکەیە

لە ئاسمانی ئەودا

دارەکانی کەنار دەریا تەنها توڕە بوون دەزان و

لە تەجروبەی وشکایی تێناگەن

تەنها لە خۆ خشاندنی شەپۆڵ

بە مومارەسە دەزانن

هاوڕێم

دەریا نایەوێت کچەکەی بداتە کەنار

بۆیە تەعاروف لە نێوان زەوی و هەوردا

رەحەت بوونی ئاسمانە بە باران

جەستەی دوێنێ وەکو ئەمڕۆ نیە

ماچەکان

ئێستا بە (س م س ) ئەگۆڕدرێنەوە

ماچە تێنوەکەی منیش

بەر لە دە ساڵ

بەڕێگاوەیە

هێشتا

هەر پێینەگەیشتوە

ئێمە لەو فێر بووین

هەمیشە یەقینەکان بە پرسیار ببینین و

گومانەکانیش بە وولام

تاکە پرسیاری من لە نێو ئەو سوخمانەوە وێڵە

بە لێوەکانم دەیانکەمەوە و

نایانناسمەوە

برادەر

زەردەخەنەی تۆ

لە تەڕی ئەو ژنە دایە

بەیانیان بە ئاگات دێنێت

بۆ حەشامەتی بزر بوون بەڕێت ئەکا

خواش لە بێئیشی فەرامۆش ناکا

ئەوەی لە تاریکی عشق بنووساێتەوە

وەک گوڵەبەڕۆژەفرۆشەکان روناکی دەبەخشێتە

دوێنێ

یاخی بوونی ووشەکانیش لە تۆ

قەهری حەرفە

لە کیبۆردی سێکس

من بارانت بە ئیمێلی نغرۆ بوون لە گومان

بۆ دەنێرم

که بۆت جیا نەبۆوە

ئەوا فۆنتی ژنهێنان دابگرە

ئەو ئاگردانەش

لە بەفربارینی رابردوو گەرمی نەکردیەوە

بڕۆ

جەهەنەمیانە سێکس لەگەڵ داهاتوو بکە و

بە رەش سواری پاسەکانی ( با ) ش مەبە

بیر لە گریانی ئاویش مەکەوە

لەو شوێنانەش دامەبەزە

کە گەورەترین و بەهێزترین تورە بوون

پاڕانەوەیە

***راوێژ هیرانی***

***20ی 9ی 2008***

***ئەلمانیا***